کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

6-11-2007 23:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نه کەس بە قەد بالای خۆی پۆشیی، نه کەس بە قەد پیالەی خۆی نۆشیی.. ❋ نەوزاد شێردڵ

هیچ سات و دیاردەیەك هێندەی ئەو كاتانە شەرمەزاری نەئەكردم كە ڕۆژانە سەردانی گۆڕستانەكەی پشت ماڵی خۆمانم ئەكرد، ئای چۆن چین بە چین ئارەقەی تەریق بوونەوەم ئەسڕی كاتێك نووسینی سەر كێلی ئەو ڕۆڵە ئەسڵ و پیاو چاكانەی شارەكەمم ئەخوێندەوە، ئای چەند خەجاڵەت ئەبووم كە كەسێكی زلی بێ هونەر و بێ هەڵوێستی وەك خۆمم لە سەر خاك ئەدی و ئەو مرۆڤە پاك و ڕاستگۆ و كورد پەروەرە بێ نازانەشم لە ژێر خاكدا ئەدی، ئەمە بۆچوونی نزیكی چارەكە چەرخێك لەمەو بەرم بوو، پێرار لە دووا سەردانەوەی ئەو كوردوستانەم و ئەو گۆڕستانەدا بینییم گۆڕەكان بە چوار لادا تاكوو ناو ماڵەكان كشابوون و ئەو هاوڕێ و مامۆستا و كەسایەتیە ناسراوانەی كە لە چایخانەی - شەعب - و بەر دەركی سەرا و شانۆ و كۆڕ و ناو بازاڕەكانیشدا بۆیان ئەگەڕام تاكوو دوو ماچی پڕ شەوقی بیست ساڵەیان بكەم، چارەكێكیانم لە ژێر گڵی هەمان گۆڕستاندا دۆزییەوە، خەمەكەش زیاتر لەوەدا بوو كە زۆربەیان زۆر ناوەخت و جوانەمەرگ و بێ ناز سەریان نابۆوە و هەندێكیشیان (وەك ئەوەی خۆم جەرگم كەم كوون كوون بێت!!) دەیان وێنەو پەڕە یادگاریی جەرگ بڕ تریان لای هاوڕێیانی تر بە ئامانەت بۆ بە جێ هێشتبووم، خۆ ژانی ئەوەش با لە لایەك بوەستێت كە لە قاپیی ماڵی هەر كەسێك لەو كۆچ كردووە بێ كەسانەم ئەدا و كەچی ڕووخسارێكی نامۆ بە شار و بگرە جار جار چەكدارێك دەرگای ئەكردەوە:- ئۆوو هۆ مامۆستا، ئەوانەی لە دوویان دەگەڕێیت لە مێژە كەسیان نەماوون، یا:- ئەها.. مە بەستت ماری فرانە خائیینە؟! هەی هوو، كورە لە دەورت مرم ئەو موسەقەفانەی هەموو بە سزای شۆڕش!! گەیەندران، یا:- مامۆستا مەبەستت كابرای شاعیر و نووسەری عەینەك لە چاوە؟! ئەوە لەو شەقامە سواڵی دەكرد و دوواجار - بەلەدێ - ناشتی، یا:- هەندێكیان لە ئاوی یۆناندا وون بوون و دایك و باوكیشیان بەو خەمەوە تیا چوون، یا، یا، یا، .. نا، با ئەم قەتماغە قاوەییە وەك خۆی بمێنێ و دەخییلە وەزع و كاتی هەرێمەكەمان زۆر ناسكە دەستی لێ مەدەن تا بە یەكجاریی جێ برینەكە چاك ئەبێتەوە و ئەو خەنجەرانە زیاتر ئاووی ئاموون و توونی بابا ئەچن، بەڵام زۆر ئەسەف كە یەكێ لەم زاتە دەگمەن و ناسراوانەی شارەكەم (بە ئەبرۆی وەك خەنجەرێ، جەرگیان نەهاتبووە دەرێ *) بەڵكوو زۆربەیان لە نێوان هەمان بەزم و بەرداشی (من ئاغا و تۆ ئاغا، كێ جێمان بۆ ڕاخا؟!) دا یا بە گووللە یا بە جەڵدەی وێڵەوە بوو بوون و ئەوەتا منییش بە درێژایی فڕینی ئاسمانی دەریای سپیدا و ڕووە باكووری ئەمریكا تاقە باڵ و مەلوول لەم بیرەوەریانە ئەڕوانم و جار جارێكییش لە پەنجەرەی فڕۆكەكەوە چاو تەڕ و تەنگە نەفەس سەیرێكی لێفە بلوورییەكەی خواوەند ئەكەم، ، من ساڵە و عەیام لە پیرەمێردە شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیرەكانی دەیان نەتەوەی سەر ئەم كەوكەبەم بیستووە كە بمانەوێ یان نا شەمەندەفەری درێژی هەموو ئازادییەك فارغۆنێك غەزەبییش بە دوای خۆیدا دەهێنێت و مەرجە زۆر ژیرانە ئاگاداری كردنەوەی دەرگای ئەو فارغۆنە بیین نەك بەكتریاكانی ناووی ئاودز بكەنە ناو بیری كۆمەڵگاوە، كەچی وا شانزە ساڵە زۆرییینەی (تەنها لە ساییتا) ڕۆشنبیرانی ئێمەی كورد و (بە تایبەت قسە و قەڵەمە قووتە خۆ پەرست و بێ هەڵوێستەكانی هەندەران) لە بری ئەوەی ڕاوێژكارێكی بلیمەتی فارغۆنەكانی پێشەوە بوونایە و چوار ئامۆژگاریی سوود بەخشانە لەم كاتە ئێجگار ناسكەدا بدەن بە گوێی نەوەی نوێدا كەچی قیت و قنج لەسەر شەڕە كورسیی فارغۆنە پڕ غەزەب و فاسیدە بەرژەوەند بازییە ناو براوەكەدا قەڵەمی مەعریفەت و مەرەكەب ووشك بووی ژەهر ڕێژیان لە یەك خستۆتە كار و لە هەمووشی كۆمیدیی و هەم تراژیدیی ترییش ئەوەیە كاتێك كە هەندێك لە كەسانی ئێمەی نەوەی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

6-11-2007 23:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ناوەند کە چاك شارەزای جیهانی کۆن و نوێی ئەدەب و هونەر و سیاسەت و هتد.. هەین ئەگەر بمانەوێت هەندێك ئامۆژگاریی دڵسۆزانەی ئەم خلەفاوە کلۆڵە هیچ پێ نەماوانە بکەین ئیتر کۆڵەوارانی بەتاڵیی ناو براو نەك هەر هیچ حیسابێك بۆ نەوەیەکی نوێی پڕ زانست و داهێنانی هەمە چەشنە ناکەن بەڵکوو لە کۆڕ و موناسەبەکانیشدا ئەگەر کورسیی ڕیزی پێشەوەیان پێ نەدرێت ئیتر وەك پیرێژنی دۆ ڕژاو ئەتۆرێن و هەر دەم و دەستییش دوای جێ هێشتنی کۆڕە کە ئیتر پشت کیبۆردە شەق و شڕەکانیان ئەگرن و ئەوەی وەك ووشە پێی نەوترێت ئەدەب و ڕەخنە ئەمان وەك چا ئێکسپایەرەکانی سنووری باشماخ بە گران و بە نرخی چای سیلان بە هەندێك خوێنەری کەساس و لە خۆیان دوواکەوتوو تری ئەفرۆشنەوە، ، بیرمە سالآنێکی زوو بە یەکێك لەم بە ناو - نووسەرە، هونەرمەندە، فەیلەسووفە، هتدە.. هەم زۆرزان و هەم لەبلەبان و خلەفاوانەم ووت:- وەرە بە سۆز و پەیمانی شەرەف لای کەس باسی ناکەم و بۆ خاتری ئەوەی لەمە زیاتر ووشك نەبیت و لە پڕ - قرچ، بشکێیت - ئەوا هەفتانە یەك ڕۆژ بابەتی نوێی سوودبەخشت فێر ئەکەم و هەر لە ئەدەبی مامۆستا و هاوڕێیەکی کۆچ کردووی گۆڕستانی ناوبراووی خۆشتەوە دەست پێ ئەکەینەوە، کەچی لە وەلآمێکی دیسان پڕ باق و بریقییدا ووتی:- من زۆر لەو مامۆستایەی ناو گۆڕ زیاترم پێیە، (دەی خوا سەبر) ووتم:- خوات بێ، قوودرەتی قەڵەمی ئەو مامۆستایە هاوشانی قەڵەم و ڕادەی بیری قانع و بێکەس و گۆران و دیلان و شێخ نوری و هەردی و نەجمەدیینی مەلا و هتد و.. هتدی.. هاوڕێی خۆیەتی و تۆش لە تەمەنی نۆزدە ساڵییەوە لە بەر سفرەی ئەدەبی ئەواندا چاوەڕێی مەرحەمەتی توورِ دانی سەلکە ووشەیەکی ئەوان بوویت و هێند نمەك حەرام مەبە، وەرە با دوو دوو، سێ سێ، هەر یەکەمان بە تاقەتی زیهنیی و سایبکیی خۆمان ئەم فارغۆنە فاسییدە پاك بکەینەوە کە خەریکە ئازادییە ئەمریکییەکە چوون فلیپپین فەردەوسی مەعریفەتی کۆمە لگاکەمانی پێ بۆگەن ئەکات، بەلآم هەر نەهاتە ژێر بار و ئەوە چل و چوار ساڵە هەمان ئەو قەوانە سوواوەی ئەدەب و هونەر و سیاسەتی - گوایا تایبەت بە مەدرەسەی!! خۆی لێ ئەداتەوە کە وەك حیکایەتی مێش و هەر جارەی بە مانشێتێکی جیاواز و بەلآم بە هەمان ناواخنی پڕ مەلەل و گێژ کەری چل جارە بووەوەوە دەیهێنێتەوە گۆڕەپانی سایبت و پاڵتاك و بلآو کراوەکانەوە، ، ئاخر کابرا تۆ پێویستە بەم تەمەنەوە ئیتر کورد ووتەنیی ئەگەر مانگیی یەك شەوییش بێت (بۆ چاکە بگەڕێیت لە خەڵکاو بۆ خراپە لە خۆتا)، کەچی سەرباری ئەوەی وەك ترسنۆکێك لە ڕاستییش لا ئەدەیت، هاوکات وەك قەلە ڕەشکەیەکی غەزەب خوێنی سەر ئاسمانی ئەم هەرێمە کەمێك ئازادەی باشوور کە جەنابتان چوون ڕاکردوویەك لەو ئازار و تراژیدیا سەختانەی ئەو کاتەی ئێمەی ناو خڵتانی خوێنی زیندان و ئەنفال و کیمیا باران و گوولله باران کردنی براو کەس و هاو زمانەکانی شەقامەکانمان ئەوەتا جەنابت لە کەیفی هەندەرانەوە و لە بری ئەوەی وەك منێکی ئەوسا هێشتا کاڵفام و شانزە ساڵانی خەجاڵەت تۆش شتێك لە وویژدانەوە بنووسیت، کە ئەو کاتەی لە گۆڕستانی ناوبراوی پشت ماڵمان و پاش سەدان چالاکیی هەمە چەشنەی لە هەزارانی وەك تۆ کوردانە تر کەچی هێشتا ئارەقەی شەرمەزارییم بۆ کەم هەڵوێستیی خۆم ئەڕشت، بەڵێ، زۆر سەیرە کە بەم ناوی زل و دێی وێرانەی گوایا بیریی نەتەوەییتەوە (ئەوییش هەر بە گووفتار نەك بە ڕەفتار) هێشتا لە بری ڕووە ڕاستەقینە قەلە ڕەشکە ئاساکەت کەچی - میرزا مارف - ووتەنی:- (وەکو تاووس چیە ئەمڕۆ بە ناز وا خۆت ئەنەخشێنی؟؟!)، دەك مرۆڤی دوو ڕوو و درۆزن هێندەی تر خەجاڵەت و چاو شۆڕ تر بێت بۆ خاتری ئاهـ و نزوولەی دایکی زاڕۆکانی بەر کەڵبەی سەگە ڕەشی نوگرە سەلمان، کوڕە وەرە و مەرد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلآودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بە، دۆلار زیینەتی ژیانە نەك خودای ژیان، کوڕە هەموو شت ئەچێ و ئەوەی ئەمێنێت تەنها ناوێکی پاکە و بەس، چوونکە سوێندم بەو کوردوستانەی کە لە ناخەوە باوەڕت بە سانتیمەترێکی نییە و بە نووسیینییش لێمان بوویت بە قەومییەکی چوون شێخی نەهریی، وا لێت دووبارە ئەکەمەوە و، بەس بۆ خاتریی هاوزمانێتییش وا وەك ئامۆژگارییەکییش پێت ئەڵێمەوە:- ئەگەر چل و چوار ساڵی تریش بەم دوو ڕوویەی جیاوازیی ئاسمان و ڕێسمانی نووسیینە ئاگراوییە خەڵەتێنەرەکانت و ناخە خۆڵەمێشییە دوو بەرەکییە خوازەکەتەوە خۆت خەریك بکەیت تازە کە ڵکی چل و چوار دۆلار خەڵاتی حیزب و لایەنێکی نییەو ئەم دەستە تێکدەرەی ماڵی کوردەوارییت لای کاك ڕەحیمی کارگەی جگەرەی سلێمانییش کەشفە - هەزار جار یادی بە خێر و تەمەنی درێژ بێت چوونکە ئەو بە ئاشکرا فشەی ئەکرد و یەك ڕووشی هەبوو نەك چوار -، تۆش چاك دڵنیا بە کە جیهان هێند بچکۆلە بۆتەوە ئیتر چۆن ئەگەر ئەمشەو نەوزاد شێردڵ چ چێشتێکی لێ نابێت بۆنەکەی خێرا لە سلێمانیی و شارەکانی تریشە، هەر ئاواش لەگەڵ ڕێز و هیوای شیفا بۆ هەموو نەخۆشێکی دەروونیی، تۆش ئەو ڕاپۆرتەی کە دوکتۆری دەروونییەکەت نووسیویەتی - حیقدی ڕەشی - ناوەوەت بەو دەردەی بردوویت کۆپییەکەی لای من و دوو بەڕێزی تریشە، موختەسەر ئەگەر ئەو زاتە خاوێن و کورد پەروەرانەی گۆڕستانی ناوبراو مادام تا لە ژیاندا بوون - قەت بە قەد باڵای خۆیان نەپۆشیبێت و قەتییش بە قەد پیاڵەی خۆیانیان نەنۆشیبێت - ئیتر گوایا تۆی پیری ئاخر شەڕ گەرەکتە بەم نووسینە باڵۆنییە سوواوانەت کام حیزب و لایەن، یا کام ئۆپسزیۆنی چاو کراوە فریوو بدەیت هەی بەستەزمان تر لەو کیبۆردەی کە پەنجە لەرزۆکەکانی ئاست دۆلارت هەرچی بفەرموویت خێرا بۆت ئەخاتە بەر دیدی نەوەیەکی مەحوی ئاسا ووشیار کە کاغەزی سپییش بە پاڵ و سیگام ئەخوێننەوە؟!

-------------------------------------------------------------------------------

- ئەو مانشێتەی سەرەوە زادەی یەکێك لە دایەلۆگە بەردەوامەکانی نێوان من و برای زۆر بە نرخم کاکە عیسا برادۆستیی ڕۆشنفیکر بوو کە لە مل ملانێی هەمیشە ئاڵ و گۆڕی خەرمانێك پەندی کوردیی و ئینگلیزییدا بۆ یەکترمان باس ئەکرد.
- ئەمریکای باکوور -

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.